هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No:
Date:

ژمارە: ١١٠٤٧
ڕێکەوت: ٢ / ٧ / ٢٠١٦ ی زایینی
٢ / ٥ / ٢٧١٦ ی کوردی

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

## ڕێنمایی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٦

## وەرگرتنی(ڕاستەوخۆی زانکۆیی) لە زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

**یەکەم/ پلانی وەرگرتن:**

وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە لەلایەن زانکۆ، کۆلێژ، فاکەڵتی پەیمانگە، سکوڵ، بەش، ئامادە و جێ بەجێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی میکانیزمی پلان لە ساڵانی ڕابردودا بەپێ ی قۆناغەکانی پرۆسەی ئامادەکردنی پلانی خوێندن لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دوای پەسندکردنی لەلایەن وەزارەتەوە، وە لە پلانەکەدا ڕێژەیەک لە (٢٠%) کەمتر نەبێت بۆ خوێندنی پاراڵێل تەرخان دەکرێت، ئەم وەرگرتنە خوێندن لە کۆلێژەکانی کۆمەڵەی پزیشکی و ئەندازیاری و بەشی یاسا لەکۆلێژ/ فاکەڵتی یاسا ناگرێتەوە.

**دووەم/ مەرجی پێشکەش کردن و پێشبرکێ:**

١- کەمترین نمرەی پێشبرکێ ی وانەی پسپۆری (دروس المفاضلة) لە پلانەکەدا لەلایەن بەشی زانستی دیاری دەکرێت بەپێ ی پسپۆری و تایبەتمەندی خۆی. بەشێوازێکی یەکخراو لە زانکۆکاندا.

٢- دەرچوانی ئامادەیی یەکانی هەرێمی کوردستان (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٥-٢٠١٦) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، بۆ پێشبرکێ لە دەرچوانی خولی یەکەم و دووەمدا، بەمەرجێ کۆنمرەی ئامادەییان لە ٦٠% کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە ٣٠ ساڵ زیاتر نەبێت.

٣- دەرچوانی ئامادەیی یەکانی (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندن(٢٠١٤-٢٠١٥) کە لە هیچ زانکۆیەکی حکومی و تایبەت وەرنەگیراون مافی پێش کەش کردنیان دەبێت، بۆ پێشبرکێ بەمەرجێ کۆنمرەی ئامادەییان لە ٦٠% کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە ٣٠ ساڵ زیاتر نەبێت.

٤- دەرچوانی ئامادەیی یە پیشەیی یەکان دەتوانن بچنە پێشبرکێ بۆ ئەو بەشانەی کەمافی پێشکەش کردنیان هەیە، بەپێ ی ڕێنمایی هاتوو لە ڕێبەری قوتابیان/خوێندکاران. بۆ دەرچوانی ئامادەیی پیشەیی، ساڵی خوێندنی(٢٠١٥-٢٠١٦)، بەمەرجێک کۆنمرەیان ٦٠% کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە ٣٠ ساڵ زیاتر نەبێت.

٥- بەمەبەستی هاندانی داواکاری خوێندنی ڕاستەوخۆی زانکۆیی لە وڵاتانی دەرەوە بۆ دەرچوانی ئامادەیی یەکانی وڵاتەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان و بیانی و نێودەوڵەتی دەکرێ ڕێژەیەک لە دەرەوەی پلانی